کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

# کوشتنی ( دوعا ) سوکایەتیە بەئینسانیەت ...!!

سەروەر کەریم

کۆمەڵگای کوردی ، کۆمەڵگایەکە لێوان لێوە ، لەسوکایەتی بەکەرامەت و سەروەریەکانی ئینسان و ماوەی زیاتر لە ١٥ ساڵە ، ئێمە ئەمەبەواقیعی لەمس دەکەین و ڕۆژانەژنان بەناوی ناموس پەرستی و پاساو گەلێکی جۆراو جۆرەوە دەکوژرین . گرفتەکە ئەمەیە ، ئێمە لەگەڵ دەسەڵاتێک ڕووبەڕووی ، کەبەهیچ شێوەک ژن بە ئینسان نازانێت و بگرە تەنها وەک وەسیلەیەک بۆ دامرکاندنەوەی ئارەزوە سێکسیەکان و کارەکەری ناوماڵ دەیەوێت ، لەوەش واوەتر هەموومافەکانی ژنانی بەستوەتەوە بەبڕیارە نێرانەکانی خۆیەوەو ، دەرچونیش گەورەترین سزای لەسەرە ، کەکوشتنە .

پیاوی کۆمەڵگای کوردی ناتوانرێت پێناسەیەکی دیاری کراوی پێببەخشرێت ، لەبەرئەوەی لە دووفاقیەکی سەیردادەژی و هەرگیزناتوانێت دەست بەرداری سیفاتەکانی خۆی بێت . کەئەمە وای کردوە بەئارەزوی خۆی بڕیار بدات و گوێ بەهیچ بەهایەکی ئینسانی نەدات و تەنها شوێن حەزەکانی خۆی و باڵادەستی خۆی بکەوێت و هەرکاتێکیش ، بەجۆرێک لەجۆرەکان یەکێک لەئارەزوەکانی نەهاتەدی دەست بۆتوندوتیژی دەبات و ناخی تورەو دڵڕەقی خۆی دادەبارێنیت ، دیارە دروست بوونی ئەوسایکۆلۆژیەتەش لەخۆوە نییەوە و باگراوندێکی مێژوویی هەیەو سەرچاوەی لەکەلتوری نێرسالاری و خێڵەکی و ئاینیەوە وەرگرتووە تائێستاش درێژەی هەیە بەبێ جیاوازی زەمان و مەکان دوبارە دەبێتەوە و کۆمەڵگای دوچاری چەندین ئازار کردووە ، بەتایبەت ژنان زەرەرمەندی یەکەمن لەسایەی ئەم دۆخەدا ..

لەدوای ڕاپەڕینی ئازاری ٩٩١ بەدواوە چەندین هەوڵی جۆراودۆردراوە ،کەمەسەلەی مافەکانی ژنان و یەکسانی و ئازادی بۆژنان دەستەبەر بکرێت و بزوتنەوە یەکسانی خوازی و بزوتنەوەی ژنان ، بەوپەڕی جدیەوە هاتنەمەیدان و دژی هەرجۆرە توندوتیژی و سوکایەتیەک بەمافەکانی ژنان کاریانکردوەو ڕووبەڕووی نابەرابەریەکان وەستاونەتەوەو کاریان بۆچەسپاندنی دەستوورێکی مەدەنی کردوە ، کەجیاوازی ڕەگەزی نەمێنێت ، کەچی تازەبە تازە دەسەڵاتی کوردی ئەوبڕیارە کۆنەپەرستانەیەی حکومەتی عێراق جێ بەجێ دەکات لەسەرژنان ، کەنابێت ژنان بەتەنهاخۆیان سەفەربکەن ، بەوەی گۆڕینی پاسپۆرتی جۆریG، کاتێک ژنان دەتوانن ببن بەخاوەنی کە ئیمزای وەلی ئەمریان بهێنن ، کەئەمەش بۆخۆی تائەوپەڕی بڕیارێکی کۆنە پەرستانەیە ، ئیتر چۆن ژنان ناکوژرێن و بەردەباران ناکرێن و گوێ بەمافەکانیان دەدرێت، بەڵام دەسەڵاتی کوردی نەک گوێ بەوماف داخوازیانەنەداوە ، بگرە هەمیشە فاکتەری یارمەتی دەربوە بۆ بوژانەوەی ڕەوتی کۆنەپەرستی و مانەوەی کۆمەڵگا بە دواکەوتویی و سوکایەتی کردن بەمافەکانی ژنان .. ئەگەر

لێرەولەوێش بەهۆی بونی فشاری جدی لەلایەن کۆی ڕێکخراو ئینسانە ئازادی خوازەکانەوە دەستی لەهەندێک بەندی یاسایی هەڵگرتبێت ، ئەوا بەتەنهالەڕوکەش دا بووە و دواتر لێ پەشیمان بوەتەوە و کاری بەگورانکاریەکان نەکردوە ، چونکە دەسەلات تائەوپەڕی لەئازادی ژن دەترسێت و ئەمەش بوەتە عەقلیەتی کۆی تاکی کۆمەڵگای کوردی و لە نەستیاندا ئیش دەکات ، ئەم ترسەوای کردوە پیاوی کوردی کەلەکەناڵێکی ڕاگەیاندندا ، کاتێک کەقسەدەکات تائەوپەڕی خۆی بەلایەنگری مافەکانی ژنان دەزانێت و بەرگریان لێ دەکات ، بەلام لەناخی دا بۆهەر سەرپێچی کردنێکی ژنان سزای مەرگی پێە ، ئەدووفاقیە هەزارن ژنی کردوەتەقوربانی ئە ڕوانینە دوفاقیەی پیاوان . کەتازەترینیان کوشتنی ( دوعا) یە بەدڕندانەترین شێوە ، کەبەڕاستی مایەی شەرمەزاریە بۆپیاو هێندە نامرۆڤانە سوکایەتی بەژنان بکات ... دیارە ( دوعا) دواین قوربانی ئەو عەقلیەتەنابێت و تا دەسەلات و تاکی کوردی شەرف ببەستێتەوە بەناوگەلی ژنانەوە ، کارەساتەکان دووبارە دەبنەوە و قوربانیەکانیش ڕوولەزیادبوون دەکەن ...

لەکاتێک دا پیاوی کوردی تائەوپەڕی هەمووشتێک بۆخۆی بەڕەوادەزانێ و مومارەسەی دەکات ، لەگەڵ ئەوەی هەموو پەیوەندیەک لەنێوان ( ژن — پیاو ) دا دووسەرەیەو ئاکەمەکەشی هەردووکیان لێ بەرپرسیارن ، نەک بەتەنها هەر ژنان لێ بەرپرسیاربن ، وەک ئەوەی لەکۆمەڵگای ئێمەدا بەڕێوە دەچێت ، پیاوان بەئارەزوی خۆیان هەموو جۆرە پەیوەندیەک لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر دەکەن ، بەڵام هەموو سزاکەی ئەوپەیوەندیە بۆژنان بەجێدەهێڵن ، بۆیە چی ترناکرێت ، بەر بەم ڕوانینە وەحشیگەریانە نەگیرێ و ڕۆژانە بەچاوی خۆمان ژنان زیندەبەچاڵ بکەین و بیانکەینە قوربانی ...

هەڵبەتە دەبێت لەبەرمبەر ئەتاوانە دڕندانەیەدا ، جارێکی تر دەسەلات بەرپرس بکەین و فشاری لەسەر دروست بکەبن ، کەچی تر نابێت کەس لەسەر پەیوەندی خۆشەویستی بکوژریت و هەرکەسێکیش ئەم کارەی کرد دەبێت دوچاری توندترین سازابێت .. ئەگەر وانەکەین ڕۆژانە جوانیەکانی ژیان ئاوادەبن و کۆمەگا دەبێتە گۆڕسانی هەستە ئینسانیەکان ... و ڕۆژانە ئەژماری کۆشتنی ( دوعا) کان دەکەین و قسەکردنیش لە ئینسانی بوون بێ مانا دەبێت ...

٢٠٠٧/٤/٢٧